## ٥- كاتەكەی :

أ- باشتر وایە دوای خۆر ئاوابوونی ئێوارەی شەوی جەژن ببەخشریت , وە باشتریش وایە پێش دەرچونی خەڵكی بو نوێژی جەژن ببەخشریت لەبەر ئەو فەرموودەی ابن عمر ( **رضي الله عنه** ) كە فەرموویەتی : ( **أمر رسول الله ( صلی الله علیه وسلم ) بزكاة الفطر أن تؤدي قبل خروج الناس الی الصلاة** ) رواه ابن ماجة وصححه الألباني

ب- بەلام روخسەت و رێگە دراوە بە رۆژێك یان دوو رۆژ پێش جەژن بدرێت چونكە نافع كە قوتابی (ابن عمر)ە بۆ مان دەگێریتەوە لە صەحابەوە كە ئەوان رۆژێك یان دوو رۆژ پێش جەژن سەرفترەیان دەبەخشی وەك فەرموویەتی : **( كان ابن عمر یعطیها الذین یقبلونها , و كانوا یعطون قبل الفطر بیوم أو یومین** ) رواه البخاري

## ٦- هە ندێك لە حیكمە تكانی سەرفترە دان :

خوای دانا و زانا سەرفترە ی فەرز كردوە بو پاك كردنەوەی رۆژووان لە قسەی پرو و پوچ و كرداری خراپ , وە بۆ ئەوەی خواردنێكش بێت بۆ فەقیر و هەژاران , بۆ پڕ كردنەوی كەم و كورێەكانیان لە رۆژەدا ,



وە چەندین حیكمە تی تری تێدایە , بە بەلگەی ئەو فەرموودەی ابن عباس ( **رضي الله عنه** ) كە فەرموویەتی : ( **فرض رسول الله (ﷺ) زكاة الفطر طهرة للصائم من اللغو و الرفث , وطعمة للمساكین** ) سنن أبي داود و صححه الألباني

## ٧- چی دەدرێ بۆزەكاتی سەرفترە ؟

زەكاتی سەرفترە دەبێت بە خواردن بێت , بە بەلگەی ئەو فەرموودەی ابو سعید الخدری ( **رضي الله عنه** ) كە فەرموویەتی : (**كنا نخرج في عهد رسول الله (ﷺ) یوم الفطر صاعا من طعام** ) رواه البخاري .

وشەی ( طعام ) بەلگەیە لەسەر ئەوەی كە هەمو جۆرە خواردنێك دروستە بدرێت بۆ سەرفترە .

وە هەندێك خواردن لە سوننەتدا هاتوە وەكو گەنم و جۆ وخورما ۆ مێوژ و كەشك و ئارد و ئاردەوا .

## ٨- برِەكەی :

لەو فەرموودەی پێشو هاتووە كە صاعێك واتە چوار گوێلە لە خواردن بۆ هەركەسێك بچوك و گەورە و كۆیلە و ئازاد و نێر و مێ لەوانەی كە نەفەقەی دەدەن .

## ٩- پارەدان بۆ سەرفترە دروست نیە و دەبێت تەنها بە خواردن بدرێت نەك پارە :

سەرفترەدان لە سەردەمی بێغەمبەری خوا (ﷺ) بە خواردن و قووتی ئەو سەردەمە دراوە نەك بە پارە , لەگەڵ ئەوەیشدا كە پارە بونی هەبووە



و خەڵكی فەقیر و هەژار پیویستیان بە پارە هەبوە , وە لە مەزهەبی (شافعی )دا پەیڕەوی سوننەتی بێغەمبەر خوا (ﷺ) كراوە تیایدا وە دەبێت تەنها خواردن بدرێت بە سەرفترە و پارە نابێت و دروست نی یە .

هەروەها ئیمامی (شافعی) فەرموویەتی : ( أجمع المسلمون علی أن من أستبان له سنة عن رسول (ﷺ) لم یحل له أن یدعها لقول أحد )

واتە: موسوڵمانان یەكدەنگن لەسەر ئەوەی هەر كەسێك سوننەتێكی بۆ ڕوون بویەوە لە بێغەمبەر خواوە (ﷺ) ئەوا حەڵاڵ نی یە بۆی وازی لێبێنێت لەبەر قسەی هیچ كەسێك .

## ١٠- سوننەتیشە كە یەكێك تەرخان بكرێت بۆ كۆ كردنەوەی سەرفترە لە لایدا بۆ ئەوەی دابش بكرێت بە سەر هەژاراندا :

بە بەلگەی ئەو فەرموودەی ابو هریرە ( **رضي الله عنه** ) كە فەرموویەتی : ( **أخبرني رسول الله (ﷺ) أن أحفظ زكاة رمضان** ) رواه البخاري

واتە : بێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی راگەیاندم كە زەكاتی سەرفترە كۆ بكەمەوە .

وصلی الله وسلم علی محمد وعلی آله وأصحابه أجمعین